# دکتۆر کەمال سەید قادر ، دەستی دایە مانگرتن لە خواردن !

ڕاگەیاندنی ژمارە – 24 –

بەپێ ئەو هەواڵەلانەی کە لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بە دەستمان گەشتووە دکتۆر کەمال سەید قادر جارێکی تر دوابەدوای دادگای کردنەوەو ئەنجامدانی نمایشێکی سیاسی دوور لە هەر بنەمایەکی یاسایی ، دکتۆر کەمال ناچار دەستی دایە مانگرتن لە خواردن و رایگەیاند کە تا ئازادکردنی ئامادە نی یە دەست لە مانگرتن لە خواردن هەلبگرێت.

گاڵتەجارییەک کە لەم دادگایی کردنەدا بەڕێوە برا بریتی بوو لەوەی کە پاش ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی کە سەبارەت بە سکالا تۆمار کردنی چەندین کەس لەسەر دکتۆر کەمال، بەلام سەرئەنجام لەو دادگاییەدا تەنها یەک کەسی سکالاکردو لەدادگاکەدا ئامادە نەبوو. ئەوە بوو پاش خوێندنەوەی چەند نووسراوێکی دکتۆر کەمال ، دواتر جارێکی تر دادگاییەکەیان دوا خست بۆ 9 / 3 / 2006 ، بۆیە هەر دواتر دکتۆر کەمال بریاری مانگرتنی لە خواردن راگەیاند دژ بەو هەموو مامەڵە نائینسانییەو دژ بە بەڵێن ودەستی دەستی پێ کردنەی دەسەلاتی پارتی .

وەک هەموو لایەکمان ئاگادارین زیاتر لە چوار مانگ هێشتنەوەی ئینسانیک لە زیندانا لەپال هەرجۆر سووکایەتی پێ کردن و بێ مافی یەکدا تەنها بە تاوانی ئەوەی کە ئەو ئینسانە چەند ووتارێکی ڕەخنە ئامێز نووسیوەو بیروڕای خۆی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەیان کردوەو تازە تائیستە پاش چەندین دادگایی فەرمایشتی، دەسەلات بەهۆی ئەو ناڕەزایەتییە نێونەتەوەیەی کە لە ئاستی سەرتاسەری جیهاندا بەرێوەبرا بە توندترین شێوە دەسەلاتی پارتی هێنایە ژێر گوشارێکی حاشا هەلنەگر کە سەرئەنجام بە کردەوە بووە هۆی هەلوەشاندنەوەی بریاری 30 سال حکومی زیندانی دکتۆر کەمال، بەلام هێشتا سەباری هەموو بەلێنەکانی تا ئێستەشیان وا جاریکی تر دواین بریاریان لەسەر چارەنووسی دکتۆر کەمال دەسپیرنەوە بە دادگای یەکی تر لە مانگی ئایندەدا، ئەم سیناریۆ تاڵە ڕۆشنترین بەلگە نەویستە بۆ نیشاندانی حورمەت وبەهای ئینسان ودادپەروەری وئازادی بیرورا دەبرین کە بە دلنیایی هەموو ئەمانە دەبێ بە توندترین شیوە جیگەی نارەزایەتی دەربرینی هەر ئینسانیکی ئازادیخوازبیت !

بۆیە ئێمە وەک کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال– کۆمیتەی سەرپەرشتیار هەموو حزب و ڕێکخراوە ئینسان دۆست و پێشکەوتووخوازەکان بانگەواز دەکەین کە بە توندی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە دەسەلاتی پارتی دەربڕن و خوازیاری ئازادی بێ بەندو مەرجی دکتۆر کەمال بن !

کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر– کۆمیتەی سەرپەشتیار

27 / 2/ 2006